## خالید عەزیزی:

# ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران نابێتە هۆی هیچ ساردییەک لە کوانووی خەباتی نێوخۆیی نەتەوەکانی ئێران و حیزبە کوردییەکان

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ "ئێران ئینتەرناشناڵ"، هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی لە هەمبەر ئیدیعا بەردەوامەکانی دۆناڵد ترەمپ دەربڕی کە بەردەام دووپاتی دەکاتەوە چەکی بۆ کوردەکان ناردووە و تۆمەتباریان دەکا بەوەی ئەو چەکانەیان بۆ نێوخۆی ئێران نەگواستۆتەوە. بەڕێزیان لەم دیمانەیەدا، وێڕای حاشاکردن لە وەرگرتنی هەر جۆرە چەکێک لەلایەن ئەمریکاوە، لێدوانەکانی ترامپ لەو بارەی بە ڕاکردنێک بۆ پێشەوە بە مەبەستی پاساودانی شکستەکانی واشنتۆن لەقەڵەم دا.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات هەروەها بە هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسیی وڵات لە داهاتوو و ئەگەرەکانی ڕێککەوتنی نێوان تاران و واشنتۆن جەختی لەوە کردەوە کە دامرکانەوەی بڵێسەکانی شەڕ نەک هەر نابێتە هۆی هیچ ساردییەک لە کوانووی خەباتی نێوخۆیی نەتەوەکانی ئێران و حیزبە کوردییەکان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئاڵەنگارییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی و ململانێی لەگەڵ نەتەوەکانی ئەم وڵاتەدا پتر دەردەخات.

وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر لەسەر ئیدیعا پەیتا پەیتا دووبارەبووەکانی دۆناڵد ترەمپ لەسەر ناردنی چەک بۆ کوردەکان گوتی: سەرۆککۆماری ئەمریکا هیچ کاتێک بەڕوونی نەگوت مەبەستی لە «چەک» و ناردنەکەی چ جۆرە چەکێکە و کێی مەبەستە و ئەم جبەخانەیە بۆ چ مەبەست و بۆ چ شوێنێک نێردراون؟ چونکە ساڵانێک بەر لە هێرشکردنە سەر ئێران، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی شەڕی دژی داعشدا، هاوکارییەکی نزیکی لەگەڵ کوردەکانی سووریە و هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەبووە. بۆیە ئەم ئیدیعایە هەتا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەبێت، ڕایدەگەیەنم لانی کەم هیچ چەکێک بۆ ئێمە نەنێردراوە و ئێمە بە تەواوی لەم بابەتە بێبەری و بێئاگاین و ئەم ئیدیعایە لەسەر خۆمان بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکەینەوە. چونکە خەباتی ئێمە قەت پاشکۆ و تابیعی چۆنیەتیی پەیوەندییەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل لەگەڵ تاران، یان ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەبووە.

کاک خالید عەزیزی نەیشاردەکەوە کە لەمبارەیەوە بەداخین لەوەی سەرۆککۆماری ئەمریکا لە ڕەوتی ئەم دانوستانە زۆر جیدییانەی خۆیان گوتەنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەیانە ـ ئەویش لە ڕەوشێکدا کە هەردوولا، واتە هەم ئەمریکا و هەم کۆماری ئیسلامی وا دیارە لە بنبەستدان ـ هەمیسان ئەم بابەتە بڵاو دەکاتەوە. کورد لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە نێوخۆی ئێراندا بە تایبەتی، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی بەرەی خەبات بۆ دێموکراسی و بەرهەڵستکاری و بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامیدا بوون. خۆ ئەگەر لە داهاتووشدا جارێکی تر ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بگەنە ڕێککەوتن، دیسان ئەوە کوردەکان و خەباتکارانی تری ئێرانین کە بەردەوام دەبن لە خەبات و خۆڕاگریی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامی. لەبەر ئەوە، ئێمە دڵخۆش نین بەوەی سەرۆککۆماری ئەمریکا هەر کاتێک خۆی لە بنبەستدا دەبینێتەوە، هەوڵ دەدات بە تۆمەتبارکردنی کوردەکان، ئەوان بە بەرپرسیاری بێبەرنامەیی و شکستەکانی خۆی لە هەمبەر خەباتی نێوخۆی ئێراندا نیشان بدات.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە درێژەدا بە ڕەخنەگرتن لە کارکردی میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندن لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بە پەیامنێری "ایران انترناشنال"ی گوت: ئێوە دەبێ بۆخۆتان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سەرۆککۆماری ئەمریکا، بەرپرسانی کۆشکی سپی یان وەزارەتی کاروباری دەرەوە بپرسن کە ڕاستیی ئەم بابەتە چییە و ئێوە وەک میدیایەکی گرنگ دەبێت خۆتان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن و لەسەر زاری بەرپرسانی ئەمریکایی کە ئەو ئیدیعایە دەکەن وەڵام وەربگرنەوە.

وتەبێژی حیزبی دیموکرات لە پێوەندی لەگەڵ ئەگەری ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و ئێران و کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر ڕەوتی خەباتی کورد لە ئێراندا گوتی: پێش هەموو شتێک پێموا نییە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا بەم سادە و ساکارییە ببێتە ڕێککەوتنێکی گشتگیر، هاوشێوەی ئەوەی لە سەردەمی ئۆباما لەژێر ناوی (بەرجام)دا و لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا بینیمان. لە لایەکی تریشەوە، پێموانییە خەبات و بزووتنەوەی خەڵکی ئێران گریدراو و پاشکۆی بەندەکان و دەرئەنجامەکانی ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە بێت. چونکە تەواوەتیی ئەم دۆخی شەڕە، ڕاوەستان و سڕکرانی و ئەو کەشوهەوای چاوەڕوانییەی لە کۆمەڵگەی ئێران و لە پیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا دروست بووە، بووەتە پرۆسەیەکی تاقەتپڕووکێن. کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە و واژۆکردنی هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی چاوەڕوانکراو لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکادا، لە کردەوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کێشە و ئاڵەنگارییە نێوخۆییەکانی ئێران زیاتر بەرجەستە ببن و لە پەراوێزەوە بێنە نێو دەقەوە. چونکی ئێستادا، هەموو پرسە نێوخۆییەکان و خەباتی خەڵک و داخوازییە ڕەواکانیان، کەوتوونەتە ژێر سێبەری داهاتووی ئەم شەڕە و جۆرێک لە لێڵی و تەمومژ باڵی بەسەر کەشی نێوخۆی ئێراندا کێشاوە."

کاک خالید عەزیزی لە کۆتاییدا جەختی لەوە کردەوە کە سەرەڕای شەڕ یان ئاشتی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، خەباتی کورد و گەلانی تری ئێران دژی کۆماری ئیسلامی هەروا بەردەوام دەبێت. ئەو گوتی لە ڕاستیدا، تەنیا دوای ڕەوینەوەی ئەم کەشوهەوای شەڕەیە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران و سیاستەکانی کۆماری ئیسلامی وەک ڕاستییەکی ڕووت و بێپەردە خۆی دەردەخات و ئەو کاتە عەیاری ڕاستەقینەی هێز و توانایی ڕێژیم دەردەکەوێت. کۆماری ئیسلامی ڕەنگە لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا و لە ڕێگەی هێرشە موشەکییەکانەوە توانیبێتی لە ڕەهەندی تەکنیکی و سەربازییەوە تا ڕادەیەک خۆی بەهێز نیشان بدات، بەڵام دڵنیام لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی ئێراندا خاوەنی ئەو جۆرە توانا و دەرفەتە نابێت. بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی( و خەباتی ٤٨ ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئێران لە بۆنە جیاجیاکاندا، بە ڕوونی سەلماندوویەتی کە ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر نەتەوەکاندا هێز و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر بووە و هەمیشە ئیرادەی خەڵک بەسەر ڕێژیمدا سەرکەوتووە. بۆیە بە دووری دەزانم ڕێژیم بتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکدا، جێگە و پێگەی خۆی تەنانەت بۆ پێنج یان شەش مانگی ڕابردووش بگەڕێنێتەوە.




# پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان




**بەڕێزان! ئەندامانی کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان!**

**نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان!**

**میوانانی هێژا!**

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتەی ڕەخساندوویەتی هەتا لێرە لە دەوری یەک کۆ ببینەوە و بتوانین لە داهاتوو و چارەنووسی گەلەکەمان بدوێین. ئەم کۆبوونەوەیە دەتوانێ هەوڵێک بێت بۆ یارمەتیدان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان و دۆزینەوەی ڕێگایەکی هاوبەش بۆ یەکخستنی گوتار و بەهێزکردنی هەڵوێستی نەتەوەیی.

**بەڕێزان!**

هەتا ئێستاش یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکان و لە هەموو ئاستەکاندا ئەوە بووە زۆرجار لە ئاستی دروشم و هەڵچووندا ماوەتەوە و نەیتوانیوە ببێتە گوتارێکی ستراتیژی و دامەزراوەیی. بەڵام لە قۆناغی هەستیار و ئاڵۆزی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە هاوکێشە سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکییەکان بەخێرایی دەگۆڕدرێن؛ قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران، گۆڕانکارییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و گرژی و تێکهەڵچوونەکانی ناوچە هەموویان بارودۆخێکی نوێیان خوڵقاندووە کە دەتوانێت هەم دەرفەت بۆ پرسی کورد بڕەخسێنێ و هەم هەڕەشە و مەترسییشی بخاتە سەر. بێگومان ئەم قۆناغە بۆ ئێمە چارەنووسساز و قۆناغی پێناسەکردنەوەی ئاراستەی داهاتووی خەباتی نەتەوەییی کوردە. بۆیە، هەر گفتوگۆیەک سەبارەت بە یەکگرتوویی کورد و دامەزراندنی چوارچێوەیەکی هاوبەش، دەبێت لە ئاستی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەییدا ببینرێت، نەک لە چوارچێوەی ململانێ و بەرژەووەندیی حیزبیدا.

لە ناوچەیەکدا کە هێشتا حاشا لە شوناس و مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکرێ، دۆزی کورد ئیدی هەر بابەتێکی نێوخۆیی نەبووە و نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لە هاوکێشەی گەورەی ناسنامە، دەوڵەت و هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. هاوکات گەورەترین کێشەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و هۆکارێکی بنەڕەتیی بەئاکام نەگەیشتنی پرسی کورد –سەرەڕای دەیان ساڵ خەبات و خۆڕاگریی کەموێنەی ڕۆڵە خەباتکارەکانی– نەبوونی ئیرادەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی بووە؛ ئیرادەیەک کە بتوانێت بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی بخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەرچی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستاندا خاوەنی هێزی مرۆیی، سیاسی و سەربازییە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ئەو زەرفییەتە بگوازێتەوە بۆ ئاستی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. هۆکارەکەش ئەمە بووە هەتا ئێستا هیچ چوارچێوەیەکی هاوبەشی بڕیار و ستراتیژیی نەتەوەیی دروست نەکراوە کە بتوانێت بە ناوی تەواوەتیی "کورد"ەوە گفتوگۆ بکات و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بپارێزێت.

لە مێژووی سیاسیی کورددا، کەم بیرۆکە هەبوون وەک بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەندە هیوای نەتەوەیی و هەستی چارەنوسی هاوبەشی دروست کردبێت. ئەم پڕۆژەیە هەوڵێک بوو بۆ یەکخستنی دەنگ و ئیرادەی سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەڵام هێشتا لەنێوان ئارەزووی نەتەوەکەمان و ئاستەنگیی واقیعدا ماوەتەوە. پرسیارێکی گرنگ کە هێشتا وەڵامی تەواوی نەدۆزیوەتەوە، ئەوەیە بۆچی کۆنگرە نەیتوانیوە ببێتە چوارچێوەیەکی کاریگەر بۆ نوێنەرایەتیی هاوبەشی دۆزی کورد؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە کۆنگرە لە زۆر قۆناغدا لەنێوان دوو ئاراستەدا هەڵواسراوە: لەلایەک بانگەشەی نەتەوەیی کردووە، و لە لایەکی دیکەوە نەیتوانیوە خۆی لەژێر سێبەری هێژمۆنیی حیزبی و بەرژەوەندیی تەسکی سیاسی ڕزگار بکات. کێشەکەش تەنها جیاوازی و ناکۆکیی سیاسی نییە، چونکە فرەچەشنیی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکی زیندوودا سرووشتییە. بەڵکوو کێشەی سەرەکی ئەوەیە بیرکردنەوەی دامەزراوەیی هێشتا لە سیاسەتی کوردیدا جێی خۆی نەگرتووە. زۆربەی هێزەکان هێشتا بە مۆدێلی "هاوپەیمانیی کاتی" بیر دەکەنەوە، نەک بە مۆدێلی دامەزراندنی ئیرادەیەکی بەردەوامی نەتەوەیی. لەبەر ئەوە، کۆنگرە زۆرجار بووەتە شوێنی کۆبوونەوە، نەک ناوەندیی بڕیاردان؛ بووەتە تریبوونی ڕاگەیاندن، نەک ناوەندی داڕشتنی نەخشەڕێ و ستراتیژی بۆ شوێندانان لەسەر سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

بەداخەوە، بەشێکی زۆر لە مێژووی سیاسیی کورد بەهۆی نەبوونی متمانەی هاوبەش، بووەتە مەیدانی ململانێ و تۆمەتبارکردنی نێوخۆیی. ئەم دۆخە زۆرجار بواری بۆ دەستێوەردانی دەرەکییش خۆش کردووە. بۆیە، ئەگەر ئێستا بانگەشەی یەکگرتوویی دەکەینەوە، ئەوا لەجێدا دەبێ لە پێگە و تریبوونی کوردەوە دەست پێ بکەینەوە؛ بە زمانێکی ئارام، بە شەففافسازی، بە متمانەکردن بە یەک، بە ڕێزگرتن لە یەکتر، بە دوورکەوتنەوە لە زمان و هەڵسوکەوتی دابڕان، بە قبووڵکردنی فرەچەشنیی سیاسی و هاوبەشکردنی بەرپرسیارەتی.

لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەشدا، ئامانج و بیرۆکەی کۆنگرە هێشتا دوورەدەست نییە. هەر قەیرانێکی سیاسی یان هەڕەشەیەکی دەرەکی دژی کورد، دووبارە بانگەوازی یەکگرتوویی بەهێز دەکاتەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە هەستی نەتەوەیی، سەرەڕای جیاوازییە سیاسییەکان، هێشتا هێزێکی کاریگەرە.

ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بیەوێت ببێتە دامەزراوەیەکی کاریگەر و متمانەپێکراو، پێویستە لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕێزگرتنی یەکسان و قبووڵکردنی فرەچەشنی سیاسی بنیاد بنرێت. هیچ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی ناتوانێ سەرکەوتوو بێت ئەگەر ڕێز لە جیاوازی و سەربەخۆیی سیاسیی هێزەکان نەگرێت یان لەژێر کاریگەریی هێژمۆنیی لایەنێکی دیاریکراودا هەنگاو بنێت. هاوکاری و یەکگرتوویی لەسەر بنەڕەتی سڕینەوەی ناسنامە و شوناسی سیاسیی حیزبەکان چێ نابێت، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئیرادەی هاوبەشی سیاسی شکڵ دەگرێت.

داهاتووی کۆنگرەش لە بنەڕەتدا، بەندە بە ئاستی پێگەیشتنی ئێلیتی سیاسیی کورد. ئەگەر هێزە سیاسییەکان بتوان بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبی، ئەوا ئەم بیرۆکەیە دەتوانێت ببێتە بناغەی قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی کوردی. ئەگەر کۆنگرە بیەوێت لە قۆناغی ڕەمزییەوە بگاتە قۆناغی کاریگەری، پێویستە سێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر خۆیدا بهێنێت:

یەکەم/ کۆکردنەوەی حیزبەکان ولایەنەکان بۆ دامەزراندنی ئیرادەیەکی سیاسیی هاوبەش بۆ دروستکردنی میکانیزمێکی بڕیاردان کە هەمووان خۆیان تێدا ببیننەوە.

دووەم/ دەبێت خۆی لەژێر هەر هێژمۆنیی حیزبی و ناوچەیی ڕزگار بکات. ئەو کۆنگرەیەی ئاراستە و تەعبیری لایەنگری لە لایەنێکی سیاسیی لێ بەدی بکرێت، هەرگیز ناتوانێ ببێتە ماڵی سیاسیی هەموو کوردان.

سێیەم/ کۆنگرە دەبێت لە دەربڕین و هەڵوێستی زارەکییەوە بگوازرێتەوە بۆ زمانی ستراتیژی. واتە بتوانێت وەک ناوەندێکی دیپلۆماسیی نەتەوەیی کار بکات، پەیوەندی بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بگرێت و پرسی کورد لە چوارچێوەی مافی نەتەوەکان و دیموکراسیی ناوچەییدا بخاتە بەردەم جیهان. لە جیهانی ئێستادا، هیچ دۆزێک تەنیا بە هێزی عاتیفی سەرناکەوێت. ئەوەی کاریگەرە، توانای دروستکردنی دامەزراوە، بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسیی پێگەیشتوو و بەدەستهێنانی هاوپەیمان لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دایە.

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات، لە قۆناغێکدان کە کۆمەڵگەی کوردی چاوەڕوانییەکی زۆری لێیان هەیە. ئەم چاوەڕوانییە تەنیا بەرهەمهێنانی هەڵوێست نییە؛ بەڵکوو دروستکردنی زمانێکی نوێی سیاسییە کە بتوانێت متمانەسازی بکات، دابەشبوون کەم بکاتەوە و چەمکی هاوبەشیی نەتەوەیی لە دروشمەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی کردار. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەتوانێ دەستپێکێکی باش بێت و چاوەڕوانی بە کردەیی لە داهاتوودا لێ دەکرێ.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو باوەڕەداین ئەم قۆناغە، قۆناغی تاقیکردنەوەی وشیاریی سیاسیی کورد و ئامادەین بۆ هەر هاوکارییەک و دیالۆگێک لە گەل کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ڕاستای خزمەت بە یەکگرتوویی کورد و دۆزی کورد ، هاوکات پێ لەسەر ئەوەش دادەگرینەوە کە ئەم پرۆسەیە دەبێت لەسەر بنەمای متمانە، هاوبەشی، بڕیاری پێکەوەیی و ڕێزگرتنی هاوبەش بڕوات. هەر لەجێدا ئەگەر ئێمە خۆمان متمانە بە یەکتر نەکەین، چۆن چاوەڕوانی ئەوە بکەین جیهان متمانەمان پێ بکات؟ ئەگەر ئێمە بۆخۆمان یەکتری قبووڵ نەکەین، چۆن داوای قبووڵکردنی مافەکانمان لە جیهان بکەین؟

هیوامان ئەوەیە ئەم کۆبوونەوەیە ببێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ؛ قۆناغێک کە تێیدا کورد بە یەکتر نزیک دەبێتەوە و بە هێزی یەکگرتوویی شوێنی شیاوی خۆی لە ناوچە و جیهاندا بەدەست دەهێنێت.

با پێکەوە یارمەتیدەر بین تا کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە خەونێکی مێژوویی بگوازرێتەوە بۆ پێویستییەکی ستراتیژی.

سوپاس بۆ گوێگرتنتان.

سەرکەوتوو و یەکگرتوو بن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٦ی ژوئەنی ٢٠٢٦**

# ژنان، هاوژیانی و داهاتووی ڕۆژهەڵات؛ لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

## ( وتاری حیزبی دێموکرات لە پاڕلمانی ئوروروپا لە کۆبوونەوەی داهاتووی کوردستان و ڕۆڵی ژنان کە لەلایەن دوکتور کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵاتەوە پێشکێش کرا)



**ئاماژە: ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی جۆزەردانی ١٤٠٥ی هەتاوی لەسەر داوای فەرمیی پارلەمانی یەکیەتیی ئورووپا لە بروکسێل، کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەژێر ناوی "داهاتووی کوردستان و ڕۆڵی ژنان" بە بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنە کوردستانییەکان بەڕێوە چوو، کە تێیدا جەخت لەسەر گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران لە ڕێگەی دێموکراسی و یەکسانیی ڕەگەزییەوە کرایەوە. ئەم کۆبوونەوەیە بە دەسپێشخەریی پارلەمانتار "ئالێساندرا مۆرێتی" بەڕێوە چوو و لەودا دوکتور کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات، سەرپەرستیی شاندی حیزبی کرد و وتارێکی هەمەلایەنەی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد.**

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، چەمکی «هاوژیانی» زیاتر لە هەر کاتێکی تر بۆتە بابەتی گفتوگۆی سیاسی لە ناوچەکەماندا. خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە دەیان ساڵە لەژێر کاریگەریی شەڕ، دەسەڵاتە سەرەڕ و نادێموکراتیکەکان، جیاکاری و ململانێی ناسنامەییدا دەژی، ئێستا پێویستییەکی زۆری بە پێناسەکردنەوەی هاوژیانی هەیە. بەڵام هاوژیانی تەنها واتای نەبوونی ململانێ و توندوتیژی نییە؛ بەڵکو واتای دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە لەودا هەموو نەتەوەکان، زمانەکان، ئایینەکان و ناسنامە جیاوازەکان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان و بەڕێزەوە پێکەوە بژین.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئەمە یەکێکە لە گرنگترین پرسیارەکانی ئێستای ئێران و ناوچەش. کێشەکە ئەوە نییە چۆن جیاوازییەکان بسڕینەوە، بەڵکوو ئەوە کە چۆن دەتوانین دامەزراوە و سیستەمێکی دێموکراتیک بنیات بنێین کە جیاوازییەکان وەک سەرچاوەی دەوڵەمەندی و هێز بناسین، نەک وەک هەڕەشە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵ خەباتی خۆیدا هەمیشە بانگەشەی ئەوەی کردووە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران تەنیا لە ڕێگای دێموکراسی، دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵاتدا بەدی دێت. ئەزموونی مێژوویی حیزب، لەدامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە هەتا بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە هەموو ڕەهەندەکانیدا و؛ ئەزموون و وتە و پاشخانی زانستی و خەباتگێڕیی شەهیدە گەورەکانی وەک دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و دکتۆر شەرەفکەندی، هەموویان پێ لەسەر ئەو باوەڕە دادەگرن کە دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان لە یەکتر جیا ناکرێنەوە.

حیزبی دێموکرات ئێستاش باوەری وایە هیچ داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ ئێران بەبێ دانانان بە فرەنەتەوەیی، فرەزمانی و فرەکەلتووریی لـەم وڵاتـــەدا و دەسـتـەبـەربـوونـی مـافی جۆراوجۆرییەکان لەو جوغرافیا سیاسییەدا بەدی نایەت. هاوژیانیی ڕاستەقینە لەو کاتەدا دروست دەبێت کە هیچ هاووڵاتییەک هەست بـەوە نەکات بۆ ئـەوەی لە کۆمەڵگەدا جێی بکرێتەوە، دەبێ ناسنامەی خۆی بشارێتەوە یان حاشا لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی بکات. بەڵام ئەگەر قـەرارە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان و ئـێـران پێکەوە چێ ببێتەوە، بێگومان دەبێت باس لە یەکێک لە گرنگترین هێزەکانی گۆڕان بکەین؛ واتە ژنان.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ژنان لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان ئەگەر قوربانیی جیاکاری و ستەم بـوون، بـەڵام لەپاڵ ئـەوەشـدا وەک کاراکتەرێکی سەرەکیی گۆڕان دەرکەوتوون. ژنان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ناوەندەکانی مافی مـرۆڤ، میدیا، خوێندنگەکان، زانکۆکان و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر و بنەڕەتییان گێڕاوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا توانیویانە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر لە کایە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی ژیـانـی گشتیی کـۆمـەڵـگـەدا بگـێـڕن. ژنـانـی کـورد لەنیو ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، لەنێو دامـەزراوەکـانـی ژنـانـی خـۆبـەخـشـدا، لە چالاکییەکانی ژینگەپارێزیدا، لە هەوڵەکانی پـەروەردە و فێرکاریدا، لە میدیا و پاراستنی مـافی مـرۆڤـدا، بـوونـەتـە هێزێکی سـەرەکی بۆ گـۆڕان. ئـەوەی جێگای سـەرنجە ئەوەیە زۆربەی ئەم چالاکییە پڕ بەرهەمانەش لەژێر گـوشـاری سیاسی و کـۆمـەڵایـەتـیدا کـراون و بـەرەوپێش بـراون. لەگەڵ ئـەوەشـدا ژنان سـەرەڕای هەموو زەبروزەنگە حکوومەتی و هاوکات بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان هەرگیز لە داواکانیان بۆ ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری پاشگەز نـەبـوونـەتـەوە. هـەر ئـەم خـەبـات و خۆڕاگری و ئەزموونە بەرهەمدارانەش بۆتە هۆی دروستبوونی نەوەیەک لە ژنانی ڕێبەر و چـالاک کە ئێستا لـە زۆر بـواردا دەنگی کۆمەڵگەی خۆیانن.

لە کوردستاندا، ژنان بە شێوەیەکی تایبەت توانیویانە لە نێوان خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، مافە نەتەوەییەکان و دێموکراسی و خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەییدا پەیوەندی دروست بکەن. زۆرێک لە چالاکییە مەدەنییەکان، بزووتنەوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، هەوڵەکانی پەروەردەیی و هەڵسووڕانی کولتووریدا بە بەشداریی ڕاستەوخۆی ژنان بەرەوپێش هەنگاویان ناوە.

لە هەمان کاتدا، ژنانی کورد لە دیاسپۆراش بـوونـەتـە بەشێکی گرنگ لـەم پرۆسـەیە. لە ئورووپا، ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان، ژنانی کورد لە بوارەکانی توێژینەوە، زانست، ڕاگەیاندن، مافی مرۆڤ، سیاسەت و چالاکیی مەدەنیدا، دەنگی مافخوازی و ئامانجەکانی کوردستان بوون. گرنگتر لە هەموو ئەوانەش، توانیویانە تۆڕێکی بەهێزی هاوکاری و هاوپشتی لەنێوان ژناندا دروست بکەن. ئەم هاوپشتییە لەسەر بنەمای یەکسانیخوازی، دادپەروەری و بەرگری لە مافی ژنان دروست بووە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە گواستنەوەی ئەزموون، پشتگیریی یەکتر و دروستکردنی گوتارێکی هـاوبـەش سـەبـارەت بە ئـازادی و یەکسانی. ئەم ئەزموونە نیشانی داوە کە ژنانی کورد، سـەرەڕای دووریـی جوگرافی و جیاوازیی بـارودۆخ و ژینگـە، هـەسـتی هاوبەشییان بەرامبەر چارەنووسی یەکتر هەیە و دەتوانن یەکێک لە بەهێزترین تۆڕەکانی هاوپشتی و هاوکاریی کۆمەڵایەتی دروست بکەن.

ئەم ئەزموونە نیشانی داوە ژنان توانایەکی تایبەتیان هەیە بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا. لە زۆر کاتدا، ژنان تواناییان هەیە زمانێکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ، سازان و تێگەیشتنی نێوان گرووپە جـیـاوازەکـان دروسـت بـکـەن. لـەبـەر ئـەوە، بەشداریی ژنان تەنها بابەتێکی پەیوەست بە مافی ژنـان نییە؛ بەڵکو مـەرجێکی سـەرەکیی بنیاتنانی هاوژیانی و دێموکراسییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە ساڵانی ڕابـردوودا هەوڵی داوە ئـەم بـاوەڕە لەنێو ڕیزەکانی خـۆیدا بکاتە ڕاستییەکی سیاسی. بـەرزبـوونـەوەی ئاستی بەشداریی ژنان لە ئۆرگانەکانی حیزب، لە بڕیارسازی و لە ژیانی سیاسیی ڕێکخراوەییدا، بەشێک بووە لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لەو چەمکە کە دێموکراسی و یەکسانیی ڕەگەزی لە یەکتر جیا نابنەوە. ئەم تێگەیشتنە لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا بە باشترین شێوە خۆی دەردەخات. ئەم دروشمە کە ڕیشەی لە ئەزموونی خەباتی ژنانی کوردستاندایە، ئێستا بووەتە زمانی هاوبەشی میلیونان کەس لە ئێران و جیهان. هێزی ئەم دروشمە لەوەدایە کە ئازادیی ژن بە ئازادیی کۆمەڵگەوە گرێ دەدات و ئەم پەیامە دەدات کە هیچ کۆمەڵگەیەک ئازاد نابێت بێتوو نیوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ماف و بەشداریی یەکسان بێبەش بکرێن.

لە ڕاستیدا، ژن، ژیان، ئازادی تەنها دروشمی نارەزایەتی نییە؛ بەڵکو ڕوانگەیەکی بەرفراوان و پڕ ڕەهەندە بۆ داهاتوو. داهاتوویەک کە تێیدا ژنـان نەک هەر بەشدار و هاوبەش، بەڵکوو ڕێبەرانی گۆڕان دەبن. داهاتوویەک کە تێیدا هاوژیانی لەسەر بنەمای دادپەروەری، یەکسانی و دانپێدانان بە جیاوازییەکان دروست بکرێت.

ئێمە لـە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا باوەڕمان وایە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داهاتووی دێموکراسی لە ئێران و داهاتووی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکەمان، تا ڕادەیەکی زۆر بەوەوە گرێ دراوە کە ژنان تا چەند بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان و کاریگەر لە پرۆسەی بڕیارسازی و بنیاتنانی داهاتوودا بەشدار بن. هەروەها باوەڕمان وایە کە ئێرانی داهاتوو پێویستی بە گرێبەستێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە؛ گرێبەستێک کە لەسەر بنەمای دێموکراسی، مافی مرۆڤ، پلۆرالیزمی نەتەوەیی و ئایینی، سیستەمی دەسـەڵات و بەشداریی یەکسانی ژنـان و پیاوان بنیات بنرێت. بەبێ ئەم بنەمایانە، نە چارەسەرییەکی دادپـەروەرانـە بۆ پرسی کـورد دەتوانرێت بدۆزرێتەوە و نە هاوژیانییەکی پایەدار لەنێوان پێکهاتەکانی ئێراندا دروست دەبێت.

ئەگەر یەک وانە لە مێژووی نوێی کوردستان فێر ببین، ئەوەیە کە هیچ پرۆژەیەکی دیموکراتیک بەبێ ژنان سەر ناکەوێت و هیچ هاوژیانییەکی پایەدار بەبێ یەکسانی و دادپەروەری دروست نابێت. بۆیە پەیامی ژن، ژیان، ئازادی هێشتا ئەوەندە کاریگەرە؛ چونکە تەنها بانگەوازێک بۆ خۆڕاگری نییە، بەڵکوو نەخشەڕێگایەکە بۆ داهاتوویەکی باشتر؛ داهاتوویەک کە تێیدا ئـازادی، دێموکراسی، یەکسانی و هاوژیانی بنەمای ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن.

# نابێ ڕوو بە کۆمەڵگە دروشمی گشتگیر بەڵام لێڵ و ناڕوون بدرێت



**برۆکسل – کۆنفرانسی «بونیادنانی ئێرانێکی دیموکراتیک»**

لە بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی «بونیادنانی ئێرانێکی دیـمـوکـراتـیـک» لـە پـەرلـەمـانـی ئـەورووپـادا، فەریبا مـحـەمـەدی، جێگری سـکـرتـێـری کـۆمـەڵـەی زەحـمـەتـکـێـشـان بە نوێنەرایەتی لـە «هاوپەیمانیی هێزە سیاسـیـیـەکـانـی کـوردسـتـانـی ئـێـران» گوتارێکی پێشکەش کرد. ئەم ئامادەبوون و هەڵوێستە لە کاتێکدایە کە لە پێشخستنی بەرنامەکانی ئەم هاوپەیمانییەدا، «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» بەرپرسیارێتیی خولیی هاوپەیمانییەکەی لە ئەستۆدایە.

بەڕێز فەریبا محەمەدی لـەم گوتارەدا، وێڕای بردنەژێرپرسیاری پێکهاتەی نەریتیی دەسـەڵات و خوێندنەوە فەرمییەکان بۆ چەمکی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا، ڕەخنەی لە بەئەمنییەتیکردنی ناسنامە نەتەوەییەکان گرت و ئاماژەی بـەوە کرد کە داخوازیی مافە ڕەواکانی ئەم نەتەوانە و جەختکردنەوە لەسەر «مافی دیاریکردنی چارەنووس» لە ماوەی سەد ساڵی ڕابـردوودا، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە تۆمەتی جیاییخوازی لە پاڵ دراوە، بە تاوان زاندراوە و بە سەرکوتی توندوتیژ وەڵام دراوەتـــەوە. لـە کاتێکدا دابەزاندنی ئاستی ئەم ئیرادە نەتەوەییانە بۆ وشـە سـنـووردارکـەرەوەکـانـی وەک قەوم یان ئەتنیک، پشتگوێخستنی ڕاستییە مێژووییەکانی کۆمەڵگە و ڕەسەنایەتیی ئەم خەباتگەلەیە.

نـاوبـراو لـە درێـــژەی بـاسـەکـەیدا بە پشتبەستن بە نموونە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە و ڕوانگەی شیکەرەوە سیاسییەکان، جەختی لەوە کردەوە سنوورەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی ئیرادەی ڕەهای خودی نەتەوەکان نەبووە، بەڵکوو دەرەنجامی ڕێککەوتنەکان و جێگیربوونی هێزە نێودەوڵەتییەکانە لە درێژایی مێژوودا. وەک چۆن نەتەوەی کورد وەک نموونەیەکی بەرچاو، بەهۆی سنوورە سەپێندراوانەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە.

نوێنەری هاوپەیمانیی، بە بیرهێنانەوەی ئـەم خـاڵـە کـە سـنـوورە سیاسییەکان لە ڕەوتـی مـێـژوودا هەمیشە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و نابێت بە دەمارگرژیی چەقبەستووەوە سەیریان بکرێت، جەختی لـەسـەر پێویستیی تێپەڕین لـە گێڕانەوە فـەرمییە سـەد سـاڵـەیـەکـان کـردەوە و بەرهەمهێنانەوەی بیرۆکەی دیموکراسیی یـەکـپـێـکـهـاتـەیی لـە نـێـوان بـەشـێـک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەک تابوویەکی سیاسی لەقەڵەم دا کە دەبێت بشکێنرێت.

لـە بـەشـی کۆتاییی وتـارەکـەدا، ڕوون کـرایـەوە کە بۆ ڕۆژی دوای ڕووخـانـی کـۆمـاری ئـیـسلامـیی ئـێـران، نـاتـوانـرێـت کۆمەڵگە بە دروشمی گشتگیر بـەڵام لێڵ و ناڕوونەوە بەجێ بهێڵرێت و هەر جۆرە پێکەوەژیانێکی هـاوبـەش و بـەردەوام لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا، مەرجدارە بە دەستەبەرکردنی یەکسانیی پێکهاتەیی لە سێ بواری سەرەکیی، مافە نەتەوەییەکان، فرەیی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ڕەگەزی.

**١٣ی ژوئەنی ٢٠٢٦**
**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**

